# کۆمەڵایەتی




سایقی ماتۆڕەکەمان لەشاری خانەقین هاتەوەو هەواڵێکی سەیری بۆهاوردین، یەکەمجار وامانزانی پەیوەندی بە بڕیارە هەزلییەکەی مالیکییەوە هەیە، بەڵام ماتۆڕسوارەکە وتی: داخ و دەردی دنیا لەلایەک و داخی خۆشمان لەلایەک، ئێمەش وتمان: چی قەوماوە؟ وتی: لە خانەقین چایخانەیەک دروستکراوە بەناوی/ چایخانەی (شەهیدانی ئەنفال)، وەک ئەوەی لە سەرانسەری دنیادا ناوێکیان دەست نەکەوتبێ بۆ چایخانەکەیان، ئێمەش وتمان: جا بۆ پێتناخۆشە؟ وتی: ئاخر حەیاتم (شەهیدانی ئەنفال) دەشێ مەزاری پیرۆزو مۆنۆمێنتیان بۆ دروست بکەین، نەک چای دیشلەمەیان بۆ هەڵقوڕێنین!!




## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

گوڵان: مۆنیکا بەم زوانە ناگەڕێتەوە.
گەپ: لەوانەیە بەنزینی تیا نەمابێت!
سڤیل: مەترسی گەورە ئەوەیە نەوەی تازەی مەسیحییەکان ئامادەی هەڵگرتنی چەکن.
گەپ: ئەی خۆیان دروستیان کردوە نابێت تۆزێکیش بیتەقێنن؟
بەدرخان: دوو کۆمەڵگە لە یەک وڵات
گەپ: وەک دوو ئیدارە لە یەک حکومەتا!
یەکگرتوو: کێ بەرپرسیارە لە بەزۆر بەشودانی کچان؟
گەپ: ئەوانەی کە بە وەکالەت مارە ئەبڕن!
چاودێر: بازرگانی بە حەجەوە دەکرێت.
گەپ: عەمریان درێژبێت هەر پارە بۆ عمرەکە وەردەگرن.
زاری کرمانجی: لە سۆران نرخی تاکسی فڕی.
گەپ: خەمت نەبێ یەک تاسەی لا کۆڵان دەینیشێنێتەوە!
ڕێگای ئازادی : خەمێک بۆ بۆمبە تەقێنراوەکانی هەڵەبجە.
گەپ: ئەی چی بۆ نەتەقینراوەکان ئەڵێیت؟!!
بازرگانی سەردەم : پێشبینی دەکرێ ئابووری ئەمریکا سەر لە نوێ داتەپێت.
گەپ: نەوتی ئەم ناوە خۆشبێت لچی لێ نادەیت.
ئاسۆ: ئایا یەکتر قبوڵ دەکەین؟
گەپ: بەڕۆژی نیوەڕۆ ئا، بەڵام کە بوو بەشەو بڕوا ناکەم!
ئاوێنە: بۆ کوڕ و کچ جیا بکرێنەوە؟
گەپ: بۆئەوەی شەرم دایاننەگرێ!
چەتر: ئەردوغان مێشکی پڕە لە چەک و تەقەمەنی!
گەپ: دەی خوا بکا هەر بە خۆیا بتەقێتەوە.
ئاڵای ئازادی: خۆتان گەنج بکەنەوە
گەپ: لە دائیرەی نفوس؟
هاوڵاتی: ئاوەکە ڕوون نییە
گەپ: ئەمە بۆیە هەنێ ڕۆژنامە کەوتونەتە مەلەکردن!
خەبات : مۆڵەکان تا چەند کاریگەریان لەسەر ئابووری پایتەخت هەیە؟
گەپ: زۆر، چونکە شمەکی بازاڕ و دوکانی سادەیان گرتیبەردا.
کۆمەڵ: نا بۆ مانەوەی سەربازی ئەمریکا لە عێراق.
گەپ: جا بۆچوونەکەت دیارە پێویست بە وتن ناکات!
کوردستانی نوێ : ئیسرائیل و حەماس دیلەکانیان دەگۆڕنەوە
گەپ: بەڵێ یەک بە هەزار.
ڕووداو : ئەنجومەنی وەزیران نەیتوانی شوێنی ترافیک لایتی زاخۆ بگۆڕێت.
گەپ: ئەوەیە دەسەڵاتی هاتوچۆ ! فەرقی نیە بۆ من و تۆ!
ئاوێنە: بۆ هیچ پرسێکی چارەنوسساز حکومەت و حزبەکان ناگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان؟
گەپ: ئاخر کەمێ دوورە لێیان.

# کۆمەڵایەتی

سەردەمی
کیشەی ژن







بابان
سلێمانی







## نوکتەی سەفەری

* سێ کەس وتیان جسرێک دروست ئەکەین،یەکیان وتی من چیمەنتۆی دەینم،ئەوی تر وتی:منیش پایەکانی ژێری دروست ئەکەم، ئەوی تر وتی:منیش شیشەکان دەینم، جسرەکە تەواو بوو، پاش کەمێک روخا، یەکەمیان وتی: وەڵا چیمەنتۆیەکەم هەموو فەوتا، دووەم وتی: ئەو پایە جوانانەم روخا، سێیەم وتی: باش بوو شیشەکانم دانەنا ئەگەر نا هەمووی دەفەوتا!!



ڕۆستەم زادە
- ئامۆ -



# تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

نووسینی:
عەبە سێ فاق

((تیرۆر))

تەحلیلی سیاسی:

تیرۆر لەڕوی سیاسییەوە ڕووبەڕوی خەڵکانی سیاسەتمەدار دەبێتەوە، بۆنمونە: چڵکاونۆشەکانی بەشار ئەسەد دەچن خەڵکانی شۆڕشگێڕ تیرۆر دەکەن و پاشان خۆیان سەغڵەت دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسەی کارە تیرۆریستییەکەی ئەنجامداوە، کورت و موختەسەر کابرای تیرۆریست خۆی بەدوای خۆیدا دەگەڕێ و سەردێڕی هەواڵەکانیش دەفەرمێ: چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر فڵانی کوڕی فیسار!!

تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

تیرۆرو کوشتن و بڕین لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوەو جار جار بۆ تامی دەم پیاو و منداڵیشی تێدەکەوێ، بۆنمونە: کابرایەکی سمێڵ بۆشکەترێ هەڵدەستێ بە قەتڵ و عامکردنی ژن و ماڵ و منداڵی خۆی و پاشان وەکو پارێنە دەست دەکات بە بۆڕەبۆڕ بەسەریاندا، دوای ما نگێک ئا شکر ا دەبێ جەنابی خۆی ڕەشەڕێحانەکەی کێڵاوە!!

تەحلیلی ئابووری:

تیرۆرو ڕفاندن و بزرکردن و غەیب کردنی پارەو دینارو دۆلارو مۆلار و هـتد.. لەڕوی ئابورییەوە شتێکی خەتەرناکە، بۆنمونە: حکومەت بە دڵ و دایەن قایمقامێک یان مودیر ناحێیەک دەنێرێتە جێگا یه ک بۆ خزمەتکردن، ئەویش بەگیانێکی لێبڕاوانەوە هەڵدەستێ بە مەحفکردنەوەی چەند ملیۆنێک و پاشان بەرەو شوێنێکی نادیار تێدەقوچێنێ!!

NAMO



# هەر لۆ فشەی

## شێخە فشە

زۆر منداربووم دەمگووت: ڕەنگە جێژنەی ڕەمەزانێ بابم قاتەکی کوردیم لۆبکا، سێ جار جێژنە ڕۆیی، ئەوقاتە هەرلۆفشەی نەکرا! کە جاحێریش بووم دەمگوت: جێژنەی ڕەمەزانێ یان ئی قوربانێ دەچمە فلاَن جێ و فلاَن شوێن هەرلۆفشەی ئەویشم لۆ نەچووە سەر، چەند جێژنەک لەبەر شەڕی عێراق و ئێران چەند گێژنەک لەبەر نەبوونی ئاوو کارەبا، چەند جێژنەک لەبەر فەقیری هەر دەمویست جێژنەک دابێ هیچ مشاکیل لەگۆڕێ نەبی، ئەمنیش هەرلۆفشەی وەکی ئەو خەڵکەی لۆخۆم هەڵپەڕم یان کەمەک پێبکەنم، دونیا بە هومێدەوە خورایە، ئەوجێژنەی نا ئەو جێژنەی. جێژنەی ڕەمەزانێ هەرلۆفشەی تەماشەی سەری خۆم کرد هەموو سپی ببو، بەتەمامە ئەگەر خودا عەمربدا جێژنەی قوربانێ هەرلۆفشەی خەنەی هیندی لێ نێم و خۆم نوێ بکەمەوە!




## بۆچوون

### مۆبایلە شیعر

فاتە گیان باوکت خەیاڵی خاوە
چەند بگرمێنێ لای من هەتاوە
چونکە نازانێ من بلەم ناوە
وازیش ناهێنم تا دونیا ماوە
لێت جیانابمەوە وەک هێلکە و تاوە
ماچت ئەڵێی هەنگوینە
باوکت لێی کردومە قاوە
پێشتر ماستاوچی ئەو بووم

### بلەنۆکیا

لێی ئەبم بە شەقاوە
داوای سەد مسقاڵ بکات
ئینجا ئەڵێم تەواوە
داوای خانووی گوند بکات
من ئەتبەم بۆ شەقلاوە
کارتێک بنێرە بەقەرز
ئێستا وەحدەم نەماوە

# به ئاوەزوویی ڕاستە



نەجات حەمید
هەولێر

کۆچ له شارو ڕووکردنه دەشت ودەر، کۆچێکی پێچەوانەیی خەڵکیی شارەکانی کوردستانه پاش ئەوەی خەڵکی کوردستان دەشت وگوندو دەریان جێ هێشت وهاتنه شارو نیشتەجێ بوون، ئنجا زانیان چیان لەو دەشته جێ هێشتووه و زۆرینەیان نه بوونه خەڵکی شارو نەبوونه خەڵکی گوندو لەو نێوانەدا فڕکان فڕکانیانه.

* ئێستا مەراسیمی ئاهەنگی بووک گواستنەوە، زۆرینەیان له دەشت و دەر دەکرێن .

* خانووی جوان وباخچەی ڕێکوپێکو دوورکەوتنەوه له شار بۆته باو.

* کۆڕی خواردنەوەو کات بەسەربردن ڕوو له دەشت ودەرەو نادییەکان چۆڵ بوون!

* داوەتکردنی خزم وکەس و کار زۆرینەیان له ڕۆژی هەینی و له دەشت ودەر دەکرێن.

* سەیران کردن و کات بەسەربردنی ئێواران وڕۆژانی پشوو زۆرینەی له دەشت ودەر دەکرێ .

* ئێستا فێربوونی شۆفێری زۆربەی له دەرەوەی شار دەکرێن ..

*زۆربەی کلیپ وفیلم ودراما کوردیەکان له دەشت ودەر دەکرێن!

ئەمەش وای کردووه دەوروبەری شارەکانی کوردستان نقوم بن له شووشەو قوتوو عەللاگەو دەبەو خەڵووزو زەویی تێکدراو.

- تەنها وەزارەتی گەشت وگوزارو ژینگه نەبێت که تاکو ئێستا ڕوویان نەکردۆته دەشت و دەرو باوەڕی گەورەیان تەنها به شار هەیەو ئەو سروشته جوانەی کوردستانیان داوەته دەست قەدەرو چیی بەسەربێ با ببێ .

بەرامبەر پیس کردنی ژینگەی کوردستان و ڕووتانەوەی چیاو گردو وشکبوونی زەوی وبێ ئاوی وسیس بوونی دارو پیسکردنی ڕووبارو جۆگەکان بڕیاریان داوه نەچنه دەرەوەی شار، به مەراسیم وبانگەواز نەبێت!

تەنها وەزارەتی ناوخۆ له پۆلیسی هاتوچۆو پۆلیسی پیاده باش لەو خەڵکه تێگەییشتوون، پێیەکیان له شارەو پێیەکی تریان له دەرەوەی شار. ئەگەر ئەوانیش نەبوونایه، ئێستا دەرەوەی شار دەبووه پێشانگای ئۆتۆمبێل وماتۆڕی دوو پێ و سێ پێی سکراب.

## عال گۆرانی



دەهۆڵ کوت

نەڵێ نەڵێ نەڵێنێ جەرگم خوێن ئەدەڵێنێ
بۆ پرۆسەی چاکسازی هەرکەس بۆخۆی ئەخوێنێ
تاڵێک له زولفت هات به دەستمەوه
زستان ئەچم بۆ واجب بەهاوینا دێمەوه
وەی بەلەنجەی یار هاوار به ماڵم
بۆ چاولێکەری ئەخوێنێ خاڵم
بەسیەتی دڵ ڕەنجاندن دەبڕۆ وازم لێبێنه
جەوازەکەت لەسەر من بڕۆ دووگیسک بێنه
هەی زێنێ عەمرم زێنێ ئەمنم خەڵکی گەرمێنێ
ئامۆژگاری کچ بکەیت ئەڕوا خۆی ئەسوتێنێ
سەیرانه سەیرانه جەژنه لەم کوردستانه
خۆڵ باران دەنگی نەما مۆدێلی تۆپ بارانه
خەو لەچاوم تۆراوه دڵم کوشتەی چاوجوانه
تازوه شت گرانکەن نزیک جەژنی قوربانه
چەند جوانه ڕەوتی یارم ئەڵێی ڕەوتی سۆنەیه
پورم دانی تاقمه هاندەری بەرشلۆنەیه
ئەچم خوازبێنی یارم زۆر سەلارو سەنگینه
کاکم بیست تەقلەی لێدا ئەڵێ خەتای بەنزینه